# گۆرانییەکانی شاعیرێکی تەنیا

ئیبراهیم هەورامانی
(هەڵەبجە)

(١)

تەنیایی،
هیچی فێر نەکردبم،
فێری کردووم
هەرگیز بەتەنیا جێت نەهێڵم.

(٢)

دەستم دەگرێ و
لە سووچێکی کافێکەدا و
لەسەر کورسییەکی ڕەقوتەق،
تا درەنگانێکی
درەنگ،
بە تەنیشتمەوە
دادەنیشێ
تەنیایی.

(٣)

گەر تۆم خۆش نەویستبا،
مەگەر
خودا بیزانیبا
تەنیایی،
چ بەڵایەکی بەسەرمدا دەهێنا.

(٤)

تەنیایی،
لە منداڵێکی عەجوول دەچێ،
سڵ لە هیچ ناکاتەوە،
تەنانەت
دڵ شکانیش.

(٥)

تەنیایی،
بە تەنیشتمەوە،
وەک پیاوێکی دنیادیدە
دەزانێ،
چەند بیرت دەکەم!
باسی تۆم بۆ دەکات



باسی
هەموو شتێک.

(٦)
شیعرێکم
بەدڵی خۆم بۆت نووسی.
ببوورە،
تەنیایی
هات و لەتەک خۆیدا بردی.

(٧)
ویستم ژیانم بەش کەم
بەشی زۆری،
بەمە تۆ.
لێم ببوورە؟!
تەنیایی
هات و بردی
بۆ خۆی.

(٨)
ویستم لە کافێکەدا
قاوەیەک،
لەگەڵ تۆدا بخۆمەوە،
بەرلە تۆ
تەنیایی هات و
کووپێک قاوەی
تاڵ
تاڵ
تاڵی لەگەڵمدا
خواردەوە.

(٩)
تەنیایی
هەموو شتێکی لەبیر بردوومەتەوە،
تەنانەت تۆش.

(١٠)
باخچەکەمان نا
دڵم،
بۆنی تەنیایی گرتووە،
ئەم قەرەباڵغی
سەرزەمینە بەمن چی؟

(١١)
دڵم دەلەرزێ،
لەنێو دەستی تەنیاییدا
هاکا کەوت و
ورد و
خاش بوو؟
ئیتر دڵێکە و هیچی تر !

(١٢)
یەکێک لەو خووە خراپانەی هەمە،
ترسنۆکییە.
چەند دەترسم،
تۆ بێیت و
منیش بمەوێت
بێم بۆ لات،
بەڵام تەنیایی
بێتە سەر ڕێگەکەم و
ڕێم پێ بگرێت
دەزانم کەس لۆمەم ناکات کە دەترسم.

(١٣)
لەسەر دیواری باغەکەی ئەوبەر
ماڵی ئێمە و
ماڵی ئێوەوە
من ناوی تۆ دەنووسم.
ناوی تۆ!
دوا حەرفم دەمێنێ
تەنیایی دێت و
هەموو حەرفەکان...
واتە: ناوی تۆ،
دەکوژێنێتەوە
دەزانم ئەم تەنیاییە ڕۆژێک دەمکوژێ.

(١٤)
پرتەقاڵەکان،
لەو دووری دوورانە حەشار دەدەم،
تەنانەت
تەنیاییش،
نەیاندۆزێتەوە.
پرتەقاڵەکان تامی تۆ نەبێ،
تامێکی تر نادەن.